# ئیسلامییە مەدەنییەکان، سکۆلارە توندڕەووەکان!

هاوڕێ و چالاکڤانێکی کۆمۆنیست پاش ماوەیەکی زۆر لەڕوودانی ڕووداوێک، خەبەری دەبێتەوە، وەک نارەزایەتی لەماڵپەرەکەی خۆیدا بەزمانی فارسی نووسینێکی بەناونیشانی(**ما اجازه نمیدهیم باندهای اسلامی در سرنوشت کودکانمان دخالت کنند!**)* بڵاوکردۆتەوە. ئەو بەڕێزە لەمێژەوە دەناسم، پەیوەندی بەردەوامما‌ن بەهۆی پۆستی ئەلکترۆنییەوە هەیە، نووسراوەکانیم بۆ دەنێرێت.

کورتەی ڕووداوەکە هەوڵی ژمارەیەک خەڵکی دانیشتووی فینلاند بەئایین ئیسلامی، بۆ پێکهێنانی پارتێکی ئیسلامییە.

هەر ئەو کات کورتە بەدواداچوونێکم بەناونیشانی ( **لا فەرقە بەینە ئیسلامی فینلاندی و کوردی ئیلا بتوندڕەوی**)** لەسەر بڵاوکردەوە.

دامەزراندنی گروپێکی وا لەئەورووپادا نوێ نییە هێندە بزانم لەهۆڵند و چەند وڵاتی ئەورووپی دی هەیە و دروست بوون! فاکتەری دەرەکی بەهەر بیانوویەکەوە بێت هۆی سەرهەڵدانی ئەم تەرزە گرووپانەیە!

گەر بەهەڵەدا نەچووبم ئەمە چاوداگرتنی فلان و فیسار وڵاتی ئەورووپییە، لەبەرانبەر ئەو تەوژمە ئیسلامییەی ماوەی چەند ساڵێکە دنیایان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە، بەتایبەتی دوای کارەساتی 11ی سێبتەمبەری ئەمەریکا، بەئەلتەرناتیڤی ئیسلامی ئەورووپایی دەکرێت بژمێررێت، هاوکات گێچەڵ دوورخستنەوەیە لەخۆ!

بەڵام ئەو گروپانە هەرچ قسەیەکی زل لەقەبارەی خۆیان بکەن ناتوانن لەم کات و زەرفەدا لەهیچ هەڵبژاردنێکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و وەك گروپێکی حاشیی دەمێننەوە و خەریکی نوزەنووز دەبن.

ئەم جۆرە گرووپانە لەم سەرزەمینانە هەلومەرجی گەشە کردنیان زۆر لاوازە، گەر بەر هەڵمەتی گروپە ڕاستی و کریستیانیانەکان نەکەون. هەموو دەزانیین لەبەرانبەر تەوژمی ئیسلامی توندڕەو، لەناچاریدا ڕای گشتی ئەورووپی، وەک بەرپەرچدانەوە ئەو جۆرە گرووپانە بەشێوەیەکی بەرچاو سەرلەنوێ خەریکی چەکەرەکردن و سەرهەڵدانەوەن، بەم شێوەیە ئەورووپا هەنگاو بەرەو دواوە دەنێت! تا بێت ململانێی ئایینەکان توندتر دەبێتەوە!

چۆن بەرپەرچی دروست بوونی گروپی وا دەدرێتەوە، هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوە و کاری کۆمەڵایەتی دی لەو جۆرە، بیرۆکەیەکی گوجاوە، لەوبڕوایەدام پشتیوانی بەرفراوان بەدەست دەهێنێت،

گرێنتی سەرکەوتن لەو هەڵمەتەدا، تا چەندە؟ ئێمە دەزانیین سکۆلارەکانی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕەوەندەکانیان لەئەورووپا لەچاو ئەوانی نەیار و بەرانبەردا چەندە؟ گەر ئەوان ئیسلامییەکان و خەڵکە سادەکەی بەئایین ئیسلامن و بەئاسانی دەتونرێت لەلایەن ئەوانەوە لەخشتە ببرێن، لەفینلاند و ئەورووپادا لەحاشییەدا بن، بێگومان باڵی سکۆلاریزم، ڕەوشیان لەوان خراپتر نەبێت چاکتر نییە، هەرچەندە لەنێو کۆمەڵگایەکی سۆکلاردا دەژین، بۆیە هەر لەئێستاوە هەڵمەتێکی لەم جۆرەی سکۆلارەکان خۆشبینی ناخوازێت، کارێکی وایش پارەی گەرەکە، ئەوە لەکوێ دەهێنرێت؟

ئیتر دەبێت ئەویش لەبەرچاو بگیرێت لەنێو کۆمەڵگادا، لەم جۆرە گرووپە شازانە قابیلی چێ بوونە، ئێمەی

**AbasShiwan/Finland- عەباس شوان**

دانیشتووی فینلاند هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووین لەم وڵاتە ئارامەدا کەسێکی تیرۆریستی وەک ئەو قوتابییەی کە ماوەیەک لەمەوبەر( سەرەتای مانگی 11ی ئەمساڵ) لەشارۆچکەی Jokela کارەسات بخولقێنێت، پەیدا ببێت، بەیەکجار حەوت کەس بێرەحمانە بکوژێت!

لەبەرانبەر ئەو دیدەی کە بەڵگەیان لەسەر کۆبکرێتەوە، تا بدرێن بەدادگا و قەدەغە بکرێن! پێچەوانەی سەرەتاییترین پرینسیبەکانی دیموکراتی و کۆمەڵگای ئازاد و کراوەیە. ئەوانە خۆ گرووپی تیرۆریستی نیین، تا پێویست بکات بەڵگەیان لەسەر کۆ بکرێتەوە!

هەنگاوی ئەو گرووپە بۆ بەیاساییکردنی کارکردنیان کاریکی پۆزەتیفانەی نێو کۆمەڵگا شارستانییەکانە.

سکۆلارەکانی نەیاری ئەمان بەتەمای چین، لەکاتێکدا ئەوان دەیانەوە مەدەنیانە کار بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان بکەن! .

2007.12.6

------------

* تکایە نووسراوەی نووسەر بخوێنەوە: http://www.r-kamangar.com/pp37.htm

** تکایە بڕوانە ئەو بابەتە پەیوەندیدارە: http://abas.shiwan.googlepages.com/lafarqabaynaaislami.pdf